# ئەنفال یانی سووتانی باخچەکانی خودا



عومەر جەلال

چ تاوانێکە هەناسەکانی مرۆ ئاوێتەی ڕەنگی بیابان دەکرێت
چ کارەساتێکە بەناوی ئاییننەوە کوردەکان وێران دەکرێت
ئەنفال یانی شکانی باڵی باڵندەکان
ئەنفال یانی پەژمووردەکردنی عەشق
بێدەنگ کردنی ئاو لە هاژە
بردنی ئینسان بۆ بیابانەکانی دۆزەخ
ئەنفال یانی سووتانی نامەکانی دوو عاشق
سڕینەوەی دێڕە هۆنراوەکانی سەر کێلی گۆڕێك
ئەنفال, ڕەنگی ئایندەمانی خۆڵاوی کرد
چاوەکانی یادەوەریمانی نابینا کرد
ئەنفال وەك ڕەشەبا هات
نامیهرەبانانە ,بەئارەزووی خۆی چی وویست بردی
پە نجەرە ناسکەکانی ماڵی تەنیایی شکاند
دەرگا گوڵگوڵییەکانی لەت لەت کرد
منداڵیمانی دزی کە هیچ کەسێك ناتوانێت بمانبەخشێتەوە

ئای لە ئەنفال ,وای لەئەنفال

بەئاشکرا بەبەرچاوی هەموو ئایینەکانەوە

بە پاڵپشتی ئەو ئاینەی کورد دەیپەرست,ئەنفال کراین

ئەنفال بۆ بەعس وەك خواردنەوەی قومێك ئاو وا بوو لەساتی تینوێتیدا

ئەنفال وەك گەمەیەکی خەیاڵانە وابوو

کەس نەیزانی بۆچی کرا؟؟؟

بۆچی کورد لە ناوبرا

ئەنفال,

ڕاچەڵەکینی ژیان بوو لە خەوێکی قوورسدا

ئەنفال

یانی سووتانی باخچەکانی ماڵی خودا

ئەنفال یانی ناسنامەی کوردستان

2006/8/21